فەرماندەی گشتی فەرمانی پێداچوونەوە و وردبینی بە سەرجەم بیناکان دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، فەرمانی پێداچوونەوە و وردبینی بە سەرجەم بیناکان و داخستنی هەر بینایەک کە ڕێوشوێنی سەلامەتی تێدا نەبێت دەکات.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە راگەیندراوێکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە تێیدا هاتووە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان ، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە شاری کوت"ـی ناوەندی پارێزگاری واست سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد و ژمارەیەک بەرپرسی باڵای وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەرپرسانی پارێزگاکە و وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی لەخۆگرت، بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و تەندروستی و پارێزگاری واست".

بە گوێرەی راگەیندراوەکە" سودانی سەرەخۆشی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە گەورەیە دووپات کردەوە، کە بەدەیان قوربانی و بریندار لێکەوتەوە" هەروەها جەختی لە "بەردەوامی ڕێکارەکانی سەلامەتی و خۆپارێزی کردەوە، چونکە ئەم جۆرە ڕووداوانە دەتوانن هەموو هەوڵەکانی

دەزگاکانی حکومەت بەهۆی کەمتەرخەمی و خراپی بڕیاردانەوە تێکبدەن"، سەرۆك وەزیران تیشکی خستە سەر ئەو "ڕێسایانەی کە پەسەند کراون بۆ پێدانی مۆڵەتی بیناسازی کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و جێبەجێکردنی پلان دەردەچن، جگە لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی پێش پێدانی ڕەزامەندی".

هەر لە راگەیندراوەکەدا سودانی جەختی لەسەر "پێویستیی ڕێکارەکان کردەوە، کە هاوتا بێت لەگەڵ گەورەیی زیانەکان، و پێویستە چاوپۆشی بەرامبەر هەر کەمتەرخەمییەک نەکرێت"، سەرۆك وەزیران ئاماژەی بە "بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییەکان و چارەسەرکردنی بریندارەکان".

لە کۆتایی راگەیندراوەکە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمانی کرد پێداچوونەوەی بەپەلە بە سەرجەم باڵەخانەکانی لەم ئاستە بکرێت و ئەو بینایانە دابخرێن کە ڕێکارەکانی سەلامەتیان تێدا نییە، هەروەها فەرماندەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی و شارەوانی لە سەرجەم پارێزگاکان ڕاسپارد پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بۆ مەرجەکانی سەلامەتی و مەرجەکانی بەرگری شارستانی ئەنجام بدەن".